# ئایا بایۆلۆژی چارەنووسی ژنە؟

نووسینی: ئیڤالین ڕیید

وەرگێڕانی: کۆسار عبداللە

"لەناو سروشتدا ژن هیچ کەمتواناتر نەبووە لە پیاو... لەگەڵ سەرهەڵدانی کۆمەڵگەی باوکسالاریدا، پێکهاتەی بایۆلۆژی ژن کراوە بە پاساوێکی ئایدۆلۆژی بۆ کردنی ژنان بە خزمەتکاری پیاوان."

## ئایا بایۆلۆژی[1] چارەنووسی ژنانە؟

بەشێکی زۆری ژنانی ناو بزاوتە ئازادیخوازەکان، بەتایبەت ئەوانەی "بنەچەی خێزان، سامانی تایبەت و حکومەت"[2]ی ئەنگلسیان خوێندووەتەوە، لەوە تێگەیشتوون کە بنچینەی ستەمکردن لە ژن و بەکەمزانینی دەگەڕێتەوە بۆ سیستەمی چینایەتیی. کارێکی تەواو دروستە کە وشەی "سێکسیست"[3]یان

[1]– لەم دەقەدا بایۆلۆژی ژن بە مانای سروشت و پێکهاتەی لەشی ژنان و کارئەندامزانی (فیسیۆلۆجی) لەشیان دێت.

[2]– Origin of the Family, Private Property and the State

[3]– کەسێک کە لایەنداری دەکات بەرانبەر ڕەگەزێک (نێر یان مێ) و بە لەپێشتری دادەنێت.

بەکـار هێنـاوە بـۆ وەسـفکردنی کۆتـا قۆنـاغی سیســــــتەمی چینــــــایەتیی کە سیســــــتەمی سـەرمایەدارییە و لە هەمـوو بوارەکـانی ژیانـدا لەگەڵ ژنان جیاوازی دەکات.

ئەوەی ژنانیش تا ئێستا لێی بەگومـانن ئەوەیە ئایــــا بــــایۆلۆژی لەشــــیان ڕۆڵــــی هەیە لە بەنزمتــرزانین و دانانیــان بە "ڕەگەزی دووەم."[4] ئەو بەدگومــانییە لە کـۆمەڵگەیەکی نێرســالاردا تەواو دروسـتە، چـونکە ئەوە تەنهـا مێـژوو نیـیە کە بە دەســـــتی ئەوانە دەنووســـــرێتەوە کە لە دەســـــەڵاتدان، بەڵکـــو تەواوی زانســـــتەکانیش بەجۆرێــــــک لە دەســـــتی ئەوانە. زانســـــتی مرۆڤناسـیی[5] و بـایۆلۆژی بەپلەی یەکەم گـرنگن لە تێگەیشـتن لە ڕۆڵ و مێـژووی ژنـان. بەشـێکی زۆری بنچینەکانی ئەم دوو زانستە، بابەتەکانیان بەلای ویســـــتی پیاوانـــــدا شـــــکاندووەتەوە و

---

[4]– ڕەگەزی دووەم: کتێبی سیمۆن دیبۆڤاری فەرەنسییە، کە بە یەکێک لە ژنە کاریگەرەکانی ڕێبازی فێمینیزم دادەنرێت و ئەم کتێبەش یەکێکە لە کاریگەرترین کتێبەکان بەسەر ئەو ڕەوتەوە.

[5]– Anthropology

داپۆشەری ڕاستییەکان بوون دەربارەی ژنان، نەک دەرخەری ڕاستییەکان.

ڕەنگە زۆربەی ئەو پروپاگەندە زانستییانەی کە پایەی ژنانیان کەمکردووەتەوە و ئازاریان داون، لەژێر ناوی زانستی بایۆلۆژییدا کرا بن. بەگوێرەی چیرۆکخوانەکانی ناو ئەم زانستە، ژنان بەشێوەیەکی بایۆلۆژی بەهۆی دایکایەتیی و جیاوازیی ئەندامەکانی جەستەیانەوە کەمئەندامن، ئەمەش دەڵێن بۆ ئەوەی ژنان بگەڕێننەوە بۆ جیهانی ئاژەڵان و بێسوودیی ژنان و پێویستی ژنان بە ڕەگەزی نێر نیشان بدەن، بۆ دابینکردنی ژیانی خۆیان و منداڵەکانیان، هەروەها بەرپرسیارێتی پلەنزمییەکی هەمیشەیی و ناپەسەندیی مێینە بخەنە ئەستۆی سروشت.

ئەوە ڕوونە کە نێر و مێ لەڕووی بایۆلۆژییەوە جیاوازن و تەنها مێینە خاوەنی ئەو ئەندام و زیندەچالاکییانەیە کە دایکایەتییان لە ئەستۆیە، بەڵام ئەوە ڕاست نییە کە سروشت

بەرپرسە لە چەوساندنەوەی ژنان؛ بەرپرسیارێتی ئەو چەوساندنەوەیە لە ئەستۆی ئەو دامەزراوە و یاسایانەیە کە پیاو لە سیستەمی چینایەتیی و باوکسالاریدا دروستی کردووە. ئەم چەوساندنەوەیە لەو کۆمەڵگە سەرەتاییانەدا بوونی نییە کە سیستەمی چینایەتیی تێدا نەبووە، هەروەها لەناو جیهانی ئاژەڵانیشدا نابینرێت.

قورس نییە تێبگەیت بۆچی ساختەکاری بەرانبەر ئەو سروشت و مێژووە کۆمەڵایەتییە کراوە. ئەمە پاساوێک دەدات بە کۆمەڵگەیەکی سێکسیست و دەبێتە پاڵپشتێک بۆ چەوساندنەوەی ژنان لەسەر بنەمای پێکهاتەی بایۆلۆژییان. ئامانج لەم ساختەکارییە ڕوونە و بۆ ئەوەیە پێمان بڵێت: "بۆچی ژنان دژی چەوساندنەوەیان بووەستنەوە و هەوڵی ئازادبوون بدەن، لەکاتێکدا کێشەکە لە بۆماوەی لەشیانەوەیە؟" "ژنان چۆن دەتوانن کۆمەڵگە بگۆڕن، لەکاتێکدا ناتوانن بایۆلۆژیی خۆیان

بگۆڕن؟" ئەم تێڕوانینە بەهەمـوو شـێوەیەک و لە بێشـکەوە ئـاخنراوەتە مێشـکمانەوە. دەیانەوێـت هەموو بڕوا بەو دەمارگیرییەی نێرینە بکەیـن کە وەک زانســـت پێشـــنیاز دەکرێـــت و پێـــی وایە بـــایۆلۆژی چارەنووســـــی ژنە و باشـــــترە ژن بیزانێت و پێی قایل بێت.

لەڕاســـــتیدا ئەو هەڵەیەی کە دەگوترێـــــت بایۆلۆژی چارەنووسی پیاوە، کەمتر نییە لەوەی دەگوترێـــت بـــایۆلۆژی چارەنووســـی ژنە. ئەمە مـرۆڤ دادەبەزێنێـت بـۆ ئاسـتی ئـاژەڵ. ئەگەر بڵێـین ژن هـیچ نیـیە جـگە لەوەی ئـامێرێکە بـۆ وەچەخستنەوە ئەوە دەبێت پیـاویش هـیچ نەبێت جگە لە زاوزێکەرێک. نمونەی ئەم سوکایەتییانە جیـاوازییەک لەنێـوان ئـاژەڵ و مرۆڤـدا ناهێڵێـت. مـــــرۆڤ لەســـــەروو هەمـــــوو بـــــوونەوەرە کۆمەڵایەتییەکـانە و دەمـێکە خـۆی لە بـنەچە و ژیـــانی ئـــاژەڵیی دابڕیـــووە. بـــۆ تێگەیشـــتن لە جیـــاوازی نێـــوان ڕەگەزەکـــان، ســـەرەتا بـــا لە جیـاوازی نێـوان مـرۆڤ و ئـاژەڵ بکـۆڵینەوە کە

ئەو جیاوازییانە وا دەکات مرۆڤ جۆر[6]ێکی ناوازە بێت.

## مرۆڤ: جۆرە ناوازەکە

کاتێک داروین ئەوەی ڕوون کردەوە مرۆڤ لە "ئەیپ"[7]ەکانەوە پەیدا بووە، چەندەها توێژینەوە خرانەڕوو دەربارەی لێکچوونی نێوان مرۆڤ و ئاژەڵان. بەڵام ژمارەی ئەو توێژینەوانە کەمن کە بابەتێکی گرنگتر ڕوون دەکەنەوە-ئەویش جیاوازییە گەورە و زۆرەکانی نێوان مرۆڤ و ئاژەڵانە کە وا دەکەن ئێمە جۆرێکی ناوازە بین و تەواو جیاوازبین لە ئاژەڵان و زیندەوەرانی دیکە و پلەمان لە سەروو ئەوانەوە بێت.

---

6- species: بچوکترین یەکەی پۆلێنزانییە کە هەر زیندەوەرێکی لە یەکتر جیاواز بە جۆرێک دادەنرێت، بۆ نمونە هەریەک لە کۆترە جیاوازەکان بە جۆر دادەنرێن.

7- Apes (Hominoidea): جۆرێکن لە مەیمونە بێکلکەکان کە لە بنەڕەتدا لە ئەفریقا و باشوری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا نیشتەجێ بوون.

سەرچاوەی سەرەکی ئەم ناوازەییانەی مرۆڤ لەلایەن مارکسییەکانەوە[8] ئاماژەی پێ دراوە. ئەوە مرۆڤە دەتوانێت وەک کرێکار کار بکات و پێداویستییەکانی ژیان بەرهەم بهێنێت، هیچ ئاژەڵێک ناتوانێت ئەوە بکات. "تیۆریای کار" دەربارەی بنەچەی مرۆڤ، یەکەمجار لەلایەن ئەنگلسەوە ئاماژەی پێ درا لە وتارەکەی بەناوی "ئەو ڕۆڵەی کار دەیگێڕێت لە گۆڕانی ئەیپ بۆ مرۆڤ."[9]

ئەمرۆ زۆرێک لە ناوە دیارەکانی زانستی مرۆڤناسیی و شوێنەوارناسیی وەک شێرود واشبێرن و ولیام هۆوڵ و نیس ئۆکلێی و گۆردۆن چیلد[10] و چەندانی دیکە، ئامێردروستکردن وەک پێوەرێک دادەنێن بۆ

[8]- مارکسیستەکان: ئەو کەسانەن پەیڕەوی لە ئایدیاکانی کارڵ مارکسی فەیلەسوف دەکەن و بیروڕاکانی دەربارەی یەکسانیی ئابووری پەسەند دەکەن.

[9]- "The Part Played by Labor in the Transition from Ape to Man."

[10]- Sherwood Washburn, William Howells, Kenneth Oakley, V. Gordon Childe.

جیـاکردنەوەی مــرۆڤ و ئــاژەڵ، وەک ئەوەی واشبیڕن کورتی دەکاتەوە لەم ڕستەیەدا: "ئەوە دروسـتکردنی سـادەترین ئامێرەکـانە کە بـازێکی گەورەی دا بە پەرەسەندنی مرۆڤ و بووە هۆی پەیـدابوونی شارسـتانییەتی ئەمـرۆ"[11] گـۆردن چیلْد بەردەوامی دا بە تیۆریاکەی ئەنگلس کاتێک گــوتی، "شوێنەوارناســیی پــێش مێــژوو ئەوە نیشـان دەدات کە چـۆن مـرۆڤ بەهـۆی کـارەوە بووەتە ئەم مرۆڤەی ئێستا."[12]

زۆرێــک لەوانەی لە بەهــای کــارکردن کەم دەکەنەوە، دەڵـێن ئەیپەکـانیش بەهەمـان شـێوە شـتە سروشـتییەکان وەک ئـامێر بەکـار دەهێنن، بەڵام خــاڵی ســەرەکیی ئەوەیە، گرنــگ نیــیە مەیمونەکــان چەنــدە زیــرەکن لە بەکارهێنــانی دەســتیان و ئەو لێهــاتووییەی کە فێــر دەبــن چەندەها شت ئەنجام بدەن، ئەوە گرنگە کە هـیچ یەکێـک لە ئـاژەڵان و مەیمونەکـان نـاتوانن ئـامێر

---

(Scientific American, September 1960) –11

(What Happened in History, p. 27) –12

دروست بکەن. هیچ دابەشکردنێکی کار لەنێوان ڕەگەزی مەیمونەکاندا نییە و هیچ یەکێک لە مرۆڤە سەرەتاییەکان[13] لەپێناوی مانەوەیان، بەشێوەیەکی سیستەماتیک کاریان لەسەر جۆرە جیاوازەکانی ئیشکردن نەکردووە. "دەستەکان بۆ چڕنووکلێدان و کوشتنی نێچیرەکە و قۆڵەکانیش بۆ گواستنەوەی خواردنەکە بۆ دەم."[14] ئەمە گوتەی ئادەمسۆن هۆیبێڵە.

بەپێچەوانەی مەیمونەکانەوە، مرۆڤ بەتەواوی پشتی بە کارکردن بەستووە، کارکردن ئەو تایبەتمەندییەیە کە ڕێگە لە سڕینەوە و لەناوچوونمان دەگرێت. کارکردن بەشێوەیەکی دیکە مانەوە و گەشەکردنی بەخشی بە جۆرە ناوازەکە: مرۆڤ. کارکردن نیشانیدا، ئێمە تەنها وەچەخەرەوە نین، بەڵکو بەرهەمهێنەری پێداویستییەکانی ژیانیشین.

---

pre-human –[13]

(.Man in the Primitive World, p. 98)–[14]

دەتوانین گرنگی بەرهەمهێنان لەو گۆڕانکارییە قـولّەدا ببینـین کە لەنێـوان مـرۆڤ و سروشـتدا هێنـایە کـایەوە. لە بنەڕەتـدا زینـدەوەران کۆیلەی سروشـــتن، چـــونکە لەژێـــر کـــاریگەری هێـــزە سروشـــــــــتییەکان و ئەو پرۆســـــــــــانەدان کە دەسـەلاتیان نییە بەسـەریاندا، بەلام مـرۆڤ ئەم هاوکێشـــەیەی پـــێچەوانە کـــردەوە و بەهـــۆی کـــارکردنەوە سروشـــتی خســـتە ژێـــر ڕکێفـــی خۆیەوە، بەشـێوەیەکی دیکە، مـرۆڤ نەک لەژێر کـــۆنترۆڵی سروشـــت ڕزگـــاری بـــوو بەڵکـــو کۆنترۆڵی ئەو هێزەشی کرد کە پێشتر بەسەریدا زاڵ بـــوو. وەک هەنـــدێک جـــار دەگوترێـــت؛ زیندەوەرانی دیکە مێژوویان بۆ نووسراوەتەوە، بەلام تەنهـــا مـــرۆڤ خـــۆی مێـــژووی خـــۆی نووسیوەتەوە.

لەم سـەردارییەی مـرۆڤ بەسـەر سروشـتدا، مـرۆڤ دەسـتی کـرد بە چانـدن و دروسـتکردنی پێداویستی نوێ کە پێشـتر ئەمە لە زیندەوەرانـدا نەبووە. لەکاتێکدا زینـدەوەران سـنووردار بـوون

لە تێرکردنـــــــی حەزە سروشـــــــتییەکانی وەک خۆراک و زاوزێ، مـرۆڤ کۆمەڵێک پێداویسـتی نـوێی گەشــە پێـدا، کە هەموویــان پێداویسـتی کولتـووری بـاڵاتر بـوون (یـان دەتـوانین بڵێـین ئاڵۆزتر بوون).

با هەندێک نمونە بهێنینەوە لە بواری تەکنیکدا: لەگەڵ دروســـتکردنی یەکەم تەوردا پێویســـتی کلکێـک هـاتە کـایەوە، کاتێـک بێڵـیش پەیـدا بـوو پێویســتی بە شــوێنپێیەک هەبــوو بــۆ پاڵنــانی، دەزگـای ڕسـتن و چنینـیش گـۆڕا بـۆ کارخـانەی گەورەی ڕســـــتن و چنـــــین. خـــــانووبەرە لە کـوخێکەوە گـۆڕا بـۆ باڵەخـانەی هەوربـڕ. دوای شۆڕشـی پیشەسـازی گالیسـکەی گـا فـڕێ درا و شــەمەندەفەر و ئۆتۆمبێـل و فـڕۆکە و کەشـتی ئاسمانیی داهێنرا.

هەروەهــا پێداویســتییە کولتوورییەکـانی وەک پەروەردە و زانسـت و هـونەر وەک چـالاکییەکی نــوێ و پەیوەنــدی نێــوان مــرۆڤ و ژیــانی کۆمەڵایەتی سەریان هەڵدا. تەنـانەت پێداویسـتییە

سەرەتاییەکانی وەک سێکس و خۆراک گۆڕان و شـــێوەیەکی دیکەیـــان وەرگـــرت. مـــرۆڤ پرۆسەکانی خواردن و زاوزێ و هاوسـەرگیریی وەک پێشـوو ئەنجـام نەدەدا، بەڵکـو بەگـوێرەی پێـوەرە کولتوورییەکـان گۆڕانکـاری بەسـەردا هێنـا. وەک مـارکس نووسـیویەتی، "برسـێتی هەر برسـێتییە، بەڵام ئەو برسـێتییەی بە خـواردنی گۆشـت بە چەقـۆ و چەتـاڵ و گۆشـتێکی لێنـراو تێر دەبێت، جیاوازی هەیە لەو برسێتییەی کە بە خواردنی گۆشتێکی نەکوڵاو بە دەست و نینۆک و هێزی ددان تێر دەکرێت."[15]

لەگەڵ ئەو گۆڕانکـارییە گەورانەی مـرۆڤ لە ژیـنگەی دەرەکـی و سروشـدا دروسـتی کـرد، گۆڕانکـاری گەورەشـی لە سروشـتی نـاوەکی خۆیـدا دروسـت کـرد، وەک ئەوەی زۆرجـار ئامـــاژەی بـــۆ دەکرێـــت، مـــرۆڤ بەرگە دەرەکیـیەکەی داکەنـد کە لە پێسـتێکی تـوکنی

---

15– A Contribution to the Critique of PoliticalEconomy,) (.p. 279

ئاژەڵ دروست کرابوو، هەروەها لەوەش گرنگتر کاردانەوە ئاژەڵییەکانی خۆی گۆڕی بە کۆمەڵێک مـــامەڵەی مرۆیـــی و کـــۆمەڵایەتیی. ئەمـــڕۆ لەڕاســتیدا مـرۆڤ هەمـوو خـووە ئاژەڵییەکـانی گۆڕیــوە و پەروەردە کـراوە لەســەر کۆمەڵێـک ڕەفتاری نویێ.

ئەم پێــداچوونەوە کــورتە دەربــارەی چەنــد جیـاوازییەکی دیـاری نێـوان مـرۆڤ و هەمـوو زینـدەوەرانی دیـکە، ئەو تیـۆرییە ڕەت دەکـاتەوە کە "مرۆڤەکــان هــیچ نــین جـگە لە ئاژەڵێـک کە کۆمەڵێک فیڵی زیاتری لایە." ئەوە وردتـرە ئەگەر بڵێـین: لەکاتێکـدا هێشـتا کۆمەڵێـک تایبەتمەنـدی هاوبەشـــی بایۆلۆژیمـــان لەگەڵ ئاژەڵانــدا هەیە، بەڵام ئــێمە خۆمـــان زۆر زیـــاتر لەســـنووری گەشــەی ئەوان گەشــە پێـداوە. ئێمە لە ئەنجـامی هێـزی کـۆمەڵایەتی و چـالاکیی بەرهەمهێـنەوە دروستبووین و خۆمان گەشە پێداوە، بۆیە ئێمە چیتر کۆیلەی پێکهاتە بایۆلۆژییەکەمان نین.

وەک مرۆڤناسـی ئەمەریکـی مارشـاڵ سـالین دەڵێـت: "ئـازادبوونی کـۆمەڵگەی مرۆیـی لە کـۆنترۆڵی بـایۆلۆژی گەورەتـرین هێـزە بـۆ پەرەسـەندنی ... کولتـوور ژیـانی کـۆمەڵایەتیی مـرۆڤ دیـاری دەکـات نەک بـایۆلۆژی."[16] ئەمە دەسـتپێکی سـڕینەوەی ئەو چیـرۆکەیە کە ئەوە دەخاتە ڕوو، بایۆلۆژی چارەنووسی ژنانە. پێش ئەوەی دەست بکەین بە سەلماندنی ئەم قسەیە، با لەوە بکۆڵینەوە کە ناوم بردووە بە:

**"بیردۆزی منداڵدان"[17] بۆ ژێردەستەیی ژن.**

زانستی بـایۆلۆژیش وەک مرۆڤناسـی، زانسـتێکی نـــوێیە و ڕووبەڕووی بەهەڵەلێکـــدانەوە و بڕیـاردانی ڕواڵەتیـی و کۆمەڵێـک درۆ بـووەتەوە کە جـێکەوتەی سیاسـیی و کۆمەڵایەتییـان هەیە. ئەوەی وا دەکـــات دەرخســـتنی ڕاســـتییەکان دووئەوەنـــدە قـــورس بـــن، ئەوەیە زۆربەی

---

16- (Scientific American, September 1960, p. 77.)

17- "uterus theory"

زینـــــدەوەرناس و مرۆڤناســـــەکان دیلـــــی ئایـدۆلۆژیای ســەرمایەدارین، ئەوان پێیـان وایە بەهۆی ئەوەی کە ژنان منداڵدانیان هەیە هەرگیز نـــاتوانن ئـــازادبن لە کـــۆنترۆڵی بـــایۆلۆژی و پێویستە هەمیشە کۆیلەی وەچەخستنەوە بن."

'بیـردۆزی منداڵـدان بۆ ژێردەسـتەیی ژن' هـیچ ڕاســـتتر نیـــیە لە هۆکـــارەکەی، "بیـــردۆزی چووک"[18] بۆ سەردەستەیی پیاوان. بە هەندێک هۆکـــاری ســـەیر و نەزانـــراو، وا دانـــراوە کە کۆئەنـدامی زاوزێ هەمـوو تواناکـانی دیـکەی هەردوو ڕەگەز دیـاری دەکـات. ژن بە گەمـژە دادەنرێـــت و مێشـــک و لێهـــاتوویی و توانـــا کولتوورییەکانی تری بەهۆی کاری منداڵدانیەوە ناتوانێت گەشە بکات، لەلایەکی دیکەوە پیاو ئەو منداڵـدانەی نیـیە کە جـێگەی شـەرمە و لەگەڵ ماســـولکە هەســـتاوەکەی دەتوانێـــت ژیریـــی و تواناکـانی خـۆی گەشـە پـێ بـدات. هەردوو ئەم بیروبۆچوونە خەیاڵن نەک زانست.

---

[18] "penis theory'–

لەڕاستیدا لە جیهانی ئاژەڵاندا نێرەکان کەمتوانان نەک مێینەکان، ئەمەش بەهۆی سروشت و تایبەتمەندییە تێکدەرەکانی ڕەگەزی نێرینەوەیە لە سروشتدا. وەک تۆمارەکان ئاماژەی پێ دەدەن، نێرەکان زۆرترین شەڕ و ململانێ لەگەڵ یەکتر دەکەن لەپێناوی بەدەستهێنانی مێینەیەک، ئەمە هەندێک جار پێی دەوترێت "ئیرەیی،" هەمان ئەو ئیرەییەی ئێمە نا، بەڵکو هەوڵە بۆ خاوەنداریکردنی مێینەیەک. لەڕاستیدا غەریزەیەکە پڕ لە شەڕەنگێزی و ڕق کە بە هیچ بەزەیی و سۆزێک سنووری بۆ دانەنراوە و وا دەکات نێرەکان بیانەوێت بگەن بە مێینەیەک یان هەموو مێینەکان. هەندێکجار نێرینەکان تەنها لەپێناو شوێنی زاوزێکردن دەجەنگن؛ دەکرێت هەندێکی دیکەیان بجەنگن بەبێ بوونی مێینەیەکیش. وەک سۆڵی زوکەرمان دەڵێت، "جەنگی ئاژەڵان لە وەرزی

زاوزێدا کاردانەوەی دۆخە فیسیۆلۆجیەکەیانە[19] و بەهۆی بوونی مێینەیەکەوە ڕوو نادات."[20]

بەهــۆی هەســتی شــەڕەنگێزیی نێــرینەوە، نێرەکــان یــاخین، خۆپەرســتن و نــاتوانن لە کۆمەڵێکدا پـێکەوە بگـونجێن و هاوکـاری یەکتـر بــکەن، لە باشــترین و گونجــاوترین دۆخــدا دەتـوانن لەگەڵ یەکتـردا بگـونجێن ئەگەر بە بڕی پێویست خۆراک و نشینگەیان بۆ زاوزێ هەبێت. لە هەندێک جۆردا، کاتێک تەنها بن بێهێزن، وەک ئەوەی لە گۆشــتخۆرە گەورەکانــدا هەیە، ئەم بێتوانـاییە لە هاوکـاریکردنی یەکتـر ڕێگرییەکـی مەترسیدارە لەبەردەم گەشەکردنی کۆمەڵەکەدا.

لەولاوە سـوپاس بـۆ دایکـایەتیی، مێیەکـان بەو شــێوەیە کەمتوانــا نــین، دایــک و بەچکەکــان خێزانێکیان دروست کردووە و هاوکاری یەکدی دەکەن و دۆخێکی بنیادنەریان دروست کـردووە

---

19- physiological

20- (The Social Life of Monkeys and Apes, p. 69.)

که چانسی گەشەکردنی تێدایە، لە هەندێک جۆری مەیمونەکان یان شێرەکاندا، ژمارەیەک لە مێیەکان و بەچکەکانیان کۆمەڵەیەکی گەورەتر دروست دەکەن.

هەروەها لەکاتێکدا نێرینە خۆی بەتەنها ڕووبەڕووی کێشمەکێشمەکانی ژیان دەبێتەوە و هەوڵ بۆ مانەوە دەدات، مێینە لەڕێگەی کاری دایکایەتییەوە خۆی بۆ بەچکەکەی تەرخان دەکات و پارێزگاری لێ دەکات، بەهۆی ئەم جۆرە لە ژیانی بەکۆمەڵەوە، مێینە زیرەکتر، هۆشیاتر، فێڵزانتر و بەتواناترە. ڕاوچییەکان دەتوانن بەتەواوەتی هەست بەمە بکەن و ڕێگەی سەلامەتی زیاتر و گونجاوتر دەگرنەبەر بەتایبەت لەگەڵ مێیەیەکدا کە بەچکەکانی لەگەڵدا بێت. ئەم بەهێزی و زیرەکییە دەگاتە بەرزترین پلە لەناو ئەو شیردەرانەی کە کاری دایکایەتی و چاودێریکردنی بەچکەکانیان ماوەیەکی زیاتر دەخایەنێت و لە مەیمونەکانیشدا دەگاتە لوتکە. تەنانەت ڕۆبەرت ئاردێی کە لایەنگرێکی

سەرسەختی سەردەستیی نێرینەیە، پەسەندی ئەوە دەکات و دەڵێت: "هەتاوەکو پلەی پەرەسەندنی زیندەوەرێک بەرز ببێتەوە، هێزی مێینە زیاد دەکات... لە ڕابردوودا گەمژەیی نێرینە سەرچاوەی هێزی مێینە بووە بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ."[21] ڕۆبەرت برایفۆڵت بەشێوەیەکی توندتر جەخت دەکاتەوە لەوەی، نێرینەی ئاژەڵان گەمژەترن لە مێینەکانیان.

ئەم بۆچوونە ئەوە نیشان دەدات لە سروشتدا "بیردۆزی منداڵدان' بۆ ژێردەستیی ژن هیچ بنەمایەکی نییە. لەبەر هەرچییەک بێت سروشت ڕەگەزی مێینەی هەڵبژاردووە چونکە مانەوەی جۆرەکانی لەسەر بەندە. هەستان بە کاری دایکایەتیی هێزی ئەوەی بە مێینە بەخشیوە کە بتوانێت کێشمەکێشمی مانەوە بکات، ئەمەش وای کردووە مرۆڤ لە قۆناغی خۆڕزگارکردن لە سروشت (ملکەچی بۆ هەڵبژاردنی سروشتی)، بەهۆی کارەوە بگۆڕێت بۆ خۆپاراستنی مرۆیی

---

21- (African Genesis, p. 125).

و دەســـەڵاتپەیداکردن بەســـەر سروشـــتدا. لەم گواســـتنەوەیەدا لە ئەیـــپەوە بـــۆ مـــرۆڤ، مێیـــنە ڕابەرایەتـــی ئەم ڕێـــگەیەی کـــردووە نەک نێـــرینە. بەهـــۆی گەشەســـەندنی توانـــای هاوکـــاریکردنەوە، مێیـــنە بـــووە ســـەرچاوەی بەرهەمهێنـــان و دواتـــر بەوجۆرە پاڵپشتی ژیانی مرۆڤی کردووە.

لەدەرەوەی جیهـــانی ئـــاژەڵان، بەهـــۆی ئەو کـــارکردنەی مێیـــنەوە بـــوو کە سیســـتەمی هـــۆزی دایکایەتی "دایکسالاریی" لە جیهانی کۆندا ســـەری هەڵدا. تەنها لە کۆمەڵگەی باوکســـالاریدا کە دوای ملیۆنێـــک ســـاڵ لە دروســـتبوونی مـــرۆڤ ســـەری هەڵدا، ژن وەک ئاژەڵێک تەماشـــا کـــراوە و ناچـــار کـــراوە کە خـــۆی ســـەرقاڵ بکـــات بە کـــاری دایکـــایەتییەوە، وەک باجێـــک بـــۆ بەهـــای ژیـــانی کـــــۆمەڵایەتی پێشـــــکەوتووی مـــــرۆڤ. لەو کۆمەڵگەیانەی لەسەر سامانی تایبەت و دەزگـــای خێزانیـــی و نێرســـالاریی بنیـــاد نـــراون، ئەو خەڵاتەی بە ژن دراوە-منداڵـــدان و دایکـــایەتی- لەمـــڕۆدا گـــۆڕاوە بـــۆ کۆتوبەنـــدەکانی وەک

دەستدرێژی و سەرکوتکردن، بەڵام ئەم دۆخە لەلایەن مرۆڤەوە دروست کراوە نەک سروشت.

ئەوانەی کە هەواداری "بیردۆزی منداڵدان" بۆ ژێردەستەیی ژنن، زۆرجار هەوڵ دەدەن پاڵپشتیی لە ئەنجامگیرییە هەڵەکەیان بکەن بە بیردۆزێکی دیکەی هەڵە کە بڕوای وایە نێرسالاری بۆ هەمیشە دەمێنێتەوە.

ئەم ئاژەڵە پاڵەوانەی لەلایەن نووسەری چیرۆکە خەیاڵییەکانەوە پێی دەگوترێت "نێری زاڵ،"[22] هاوشانە ئاژەڵەکەی ژنە، و پێی دەگوترێت باوک لە کۆمەڵگەی باوکسالاریدا، لەوە گاڵتەجارتر ئەوەیە وێنەی ئەم نێرە وەک شازادەیەک دەکێشرێت کە بە کۆمەڵێک لە کەنیزەکەکانی سوڵتان و کۆیلەی مێینە دەورە دراوە کە ژیان و چارەنووسیان دیاری دەکات. ئەوە چ ڕاستییەکە لەپشت ئەم چیرۆکە خەیاڵییەوەیە؟

---

22- dominant male

## "نێری زاڵ" خەیاڵ یان ڕاستیی

ئەو دیاردەیەی کە پێی دەگوترێت "نێری زاڵ" لە سروشـــتدا، بەهــۆی ئەوەوە بــوونی هەیە کە پێشــــتر باســــمان کرد[دەســــتدرێژی و ســەرکوتکردن]، ئـاژەڵانی نێـر زۆرتـر جەنـگ و ململانــێ دەکەن لەگەڵ یەکتــردا و هەریەکەیــان کێبڕکـێ دەکەن بۆ بەدەستهێنانی سـەرچاوەکان بە شــوێن پــێ لەقکردنــی هاوتــا نێرەکانیــان، لە کۆتاییــدا ئەو ئــاژەڵەی دەیبــاتەوە زاڵ دەبێــت بەسـەر ئەوانـی دیکەدا هەتـا ئەو کـاتەی ئەمـیش لەلایەن نێرێکـی بەهێزتـرەوە شـوێنەکەی داگیـر دەکرێت.

بەڵام گرنگتــرین خــاڵی ئەم شــەڕی زاڵبــوونە ئەوەیە لە کۆتاییــدا بەرەو نەمــان دەچێــت، ئەو جەنگە لەنێوان نێرەکاندایە و هەریەکەیان جەنگ بـۆ خـۆی دەکـات، بەڵام تەنـانەت کـاتێکیش نێـرە زاڵەکە هاوتـاکەی خـۆی بەزانـدووە، مانـای ئەوە نییە زاڵە بەسـەر ئەو کۆمەڵە مێیەی کە دەتوانێت پێیان بگات، دوای ماوەیەک مێیەکـان ئەو نێـرەیە

وەردەگرن کە براوەیە و جووت دەبن لەگەڵیدا و دواتر هەموو شتێک کۆتایی دێت. تەنانەت ئەم قبوڵکردنە هەر ئەو کاتە کۆتایی دێت کە مێیەکە دەچێتە ناو سووڕی دایکایەتییەوە، لەو کاتەدا لە هەموو نێرەکان دەکشێنەوە بۆ ئەوەی خۆیان بۆ لەدایکبوونی بەچکەکان و خزمەتکردنیان تەرخان بکەن. دەرئەنجامی ئەو ململانێیە هەرچۆنێک بێت، مێیەکان خۆیان سەربەخۆ دەمێننەوە بەبێ یارمەتیدانی هیچ نێرینەیەک.

بەپێچەوانەی هەموو ئەو چیرۆکە منداڵانانەی لەلایەن پیاوانێکەوە بەناوی زانستەوە لەسەر ئەم بابەتە نووسراونەتەوە، شتێک نییە بەناوی خێزانی-باوک لە ئاژەڵاندا. لەناو هەندێک لە باڵندە و ماسییەکاندا دەکرێت نێرەکان بەشداری بکەن لە چاودێریکردنی بەچکەکاندا، بەڵام ئەمە نایانکات بە خێزان، بەڵکو زیاتر جۆرێکی تایبەتمەندە لە وەچەخستنەوە. لەناو هەموو شیردەرەکاندا و لەسەرو هەمووشیانەوە ئەو هێڵەی کە پێشینەکانی مرۆڤی ئێستایە، تەنها

دایکـان هەمـوو ئەو کـارانە جێبەجـێ دەکەن کە پەیوەنـــــدی بە بەخێـــوکردن و پاراســــتنی بەچکەکـــانەوە هەیە. وەک بریفۆڵـــت کـــورتی دەکـــاتەوە لەم دێـــڕەدا، "هەمـــوو زینـــدەوەرێکی پێگەیشـــتوو، نێـــر بێـــت یـــان مـــێ، هەمـــوو پێداویستییەکانی ژیـان بۆ خـۆی دابین دەکـات،" بەڵام تەنهـا هەڵاوێرێـک لەم یاسـایە، چـاودێریی بەچکەکانە لەلایەن دایکەوە.

بەجـۆرێکی دیـکە، ژیـانی سێکسـیی نێـرینە لە جیهـــانی ئاژەڵانـــدا ئەرکـــی باوکـــایەتی بەدوای خۆیـــدا ناهێنێـــت؛ بەپـــێچەوانەوە، ئەو جەنـــگەی هاوپێچە لەگەڵ کاری سێکسیی نێرینە، کۆسـپێکە لەبەردەم گەشـەکردنی نێـرینە. تەنهـا لە مرۆڤـدا ئـێمە نێرینەیەکـی تەواو پێگەیشـتوو دەدۆزینەوە کە هاوشـانی دایکـایەتی دەتوانێت بە باوکـایەتی هەڵبســتێت. ئەمەش کاتێـک سـەر هەڵـدەدات کە نێـرینە لە کۆتوبەنـدی غەریزەکـانی خـۆی ئـازاد دەکـات و کۆمەڵێـک سـیفەتی مرۆیـی تـازە لە خۆیـــدا دەچێنێـــت. ئەوەش لەڕێـــی ژیـــانی

کــــۆمەڵایەتییەوە بــــوو کە نێرینەکـــــان فێـــری کۆمەڵێــک ڕەفتــاری سێکســـی نــوێ و کــاری باوکایەتیی بوون.

هەندێکجار لە ئاژەڵاندا بەهۆی ئەوەی نێرەکان شـــــەڕکەرن، دەگوترێــــت ئەوان "پـــــارێزەری" خێـزانن، ئەمە زۆر بێمانـایە. لە هەنـدێک جۆری مەیمونەکانـدا نێرەکـان لە چـواردەوری مێـیە و بەچکەکانیـان دەسـتەیەکی پارێزگـاریی دروسـت دەکەن و لە کاتی مەترسیدا دەنگێک وەک ئاماژە دەردەکەن، بەڵام نێرەکـان نـاجەنگن لە پێنـاوی پاراسـتنی بەچـکە و مێیەکانیـان. ئەوان تەنهـا لە پێناوی پاراستنی ژیانی خۆیان دەجەنگن.

لە جیهـانی ئاژەڵانـدا هەمـوو ئاژەڵێـک تەنهـا بەرگـری لە خـۆی دەکـات، بە جەنـگ یـان فـڕین، تەنهـا هەڵاوێرێـک لەو یاسـایە مێیەی ئـاژەڵە کە بەرگـری لە بەچـکەکەی دەکـات، بـۆیە خێزانـی ئـاژەڵان لە بەچکەکـان و دایـکەکە زیـاتری تێـدا نییە، چونکە تەنها دایک خۆی بۆ خزمەتکردن و پاراستنی تەرخان کردووە. هیچ لێکچونێکی نییە

لەگەڵ خێزانی باوکسالاریی ئەمڕۆدا کە باوک بەخێویان دەکات و دەسەڵاتدارە بەسەر هاوسەر و منداڵەکانییەوە.

یەکێک لەو بۆچوونانەی دیکە کە وەک بەڵگەیەک بەکاردەهێنرێت بۆ سەردەستەیی و زاڵێتی نێرینە بەسەر مێینەوە لە سروشتدا، ئەوەیە لە هەندێک جۆردا (هەموو جۆرێک نا) نێرەکان لە مێیەکان گەورەترن و ماسولکەیان بەهێزترە. دەکرێ گومان بەرین ئەو شەڕەنگێزییەی نێرینە بەهۆی ئەو ماسولکە بەهێزانەوەیە، وەک هێنری نەیسن لەبارەی نێرەی مەیمونەکانەوە دەڵێت: "مەیمونە گەورەکان زۆرتر خۆراک دەبەن، و نێرەکانیش زۆربەی خۆراکی مێیەکان دەبەن."[23]

بەڵام ئەوە گریمانەیەکی هەڵەیە گەر بڵێین زۆریی و بەهێزیی ماسولکەی نێرینە مانای سەردەستەییە بەسەر مێینەکاندا؛ بەڵکو ئەمە

---

[23] - (Scientific American, September 1960)

تەنها سەردەستەیی نێرە بەهێزەکانە بەسەر نێرە لاوازەکانەوە. لە سروشتدا ئەوە مێیەکانن دیاری دەکەن کە نێرەیەک بێتە ناو بازنەکەیانەوە یان نا و ئەمە بەسەر نێرە بەهێزەکانیشدا جێبەجێ دەبێت. کاتێک نێرەیەک وەردەگرن تەنها لەڕێی ڕەفتاری باش و لەباریی بۆ مێینەکەوە ڕەزامەندی وەردەگرێت، ئەمەش دەڵێین بەهۆی ئەو ڕاستییەی کە مێینە دەکشێتەوە و ڕاستەوخۆ دوای منداڵبوون بەتەواوەتی لەلایەن نێرەکەوە جێدەهێڵرێت.

لەبەرئەوە دەڵێین کۆمەڵێک لێکدانەوەی هەڵەی ژیانی ئاژەڵان بەکارهێنراوە بۆ کێشانی وێنەی ژن وەک بوونەوەرێکی بێسوود و پشتبەستوو کە ناتوانێت بمێنێتەوە بەبێ پاراستن و چاودێریکردنی لەلایەن "نێرەیەکی زاڵ"ەوە کە ڕۆڵی باوک یان هاوسەر دەبینێت. خێزانی-باوک دامەزراوەیەکە تایبەتە بە مرۆڤ و لەم کۆتاییانەی مێژوودا هاوکات لەگەڵ سامانی تایبەت و چینایەتیی دروست بووە. ئەم چیرۆکە

دەربـــارەی "خێزانـــی-بـــاوک" لەگەڵ "بیـــردۆزی منداڵدان" بۆ ژێردەستەیی ژن شانبەشانی یەکتر دەڕۆن. ڕاستییەکانی ناو زانستی زیندەوەرزانی تێـــک دراون و لەپێنـــاو شـــاردنەوەی بنچیـــنە کۆمەڵایەتییەکـــانی ســـەرکوتکردنی مێیـــنەدا بەدرۆخراونەتەوە.

بـــا ئێســـتا لەوە بکـــۆڵینەوە چـــۆن زانســـتی مرۆڤناســـی تێـــک دراوە بـــۆ پاڵپشـــتیکردن لە چیرۆکەکانی ناو زانستی زیندەوەرزانی.

## 'بیردۆزی ڕاوکردن[24]' بۆ سەرکوتکردنی مێینە'

بناغەی ئەم بیردۆزە پشت دەبەستێت بە یەکەم دابەشـــکردنی کـــار لەنێـــوان ڕەگەزەکانـــدا بەم شێوەیە: پیاوان ڕاوچی و جەنگاوەرن و ژنانیش خـــواردن کـــۆکەرەوەن و ئەرکە ســـوکەکانی ناوماڵ یان خێوەتگەکان جێبەجێ دەکەن. کاری ڕاوکردن، بەدڵنیاییەوە وەک گرنگترین کار وێنا

[24] -"hunting theory"

کراوه و کاری ژنان به بێبەها تەماشا کراوه، بەهۆی ئەوەی لایان وابووه ئەو بێتوانایيه هی ئەوەیه به منداڵدانەوە لەدایک بوون، هەروەها بەهۆی ئەوەوە دەبوو ژنان له ماڵ و چادرگەدا بمێننەوە، بۆئەوەی چاودێری منداڵان بکەن.

ئەمەی پێشوو ڕاستييەکی لەخۆ گرتووه. سەرەتا کارە زۆر گرنگەکان لەکاتی دابەشکردنی کاردا لەلایەن نێری ڕاوچيیەوە دابەش نەکراون، بەڵکو لەلایەن ئەو ژنانەوە دابەش کراوه که پێيان دەگوترێت ژنانی ماڵەوە. با له دابينکردنی خۆراکەوە دەست پێ بکەين که سەرەتاييترين و گرنگترين پێويستيی مرۆڤه. مرۆڤ پێش هەر چالاکييەکی دیکه پێويسته خۆراک بخوات. ئەوە ژنانی کۆکەرەوەی خۆراک بوون که زۆرترين و جێگيرترين بڕی خۆراکيان دابين کردووه، لەو کاتەی دۆخی ڕاوکردن باش نەبووه و نێرينه به دەستبەتاڵی گەڕاوەتەوە بۆ چادرگەکەی، خێزان بەو خواردنه تێر کراوه که ژن کۆی کردووەتەوە. لەسەرو ئەوەشەوە ژنان

کۆنترۆڵی خۆراکیان کردووە، ئەوان بەتەنها هەر ئامادەیـــان نەکـــردووە بـــۆ خـــواردن، بەڵکـــو هەڵیشـــیان گرتـــووە بـــۆ ڕۆژی دواتـــر. ژن کۆڵەکەی کۆمەڵگەی سەرەتایی[25] بووە.

بەڵام ئەمە تەنهـــا کەمێـــک لە کارەکـــانی ژن بووە. لێرەدا گەڕان بەناو تۆماری کاری ژن لەو ســـەردەمەدا پێویســـت نیـــیە و لەو وتارەمـــدا بەنـــاوی "چیرۆکـــی ژێردەســـتەیی ژن" وردتـــر ئامـاژەم پـێ کـردووە، کاتێـک پیـاوان سـەرقاڵی دۆزینەوەی ئاژەڵێک بوون بۆ خواردن، ژنـان بە چەنـدەها شـێوە سـەرقاڵی بەرهەمهێنـان بـوون، وەک دروســـتکردنی چەرم و گـــۆزە و ئیشـــی دەســـت و شـــێوە جیاوازەکـــانی بیناســـازی و پزیشـــکی و ســـەرەتاییترین دەرکەوتنەکـــانی زانست. هەروەها یەکێک لە کارەکانی ژن کێڵانی زەوی بووە بە بەکارهێنانی بێڵ و ئەمەش بووتە هـــۆی دۆزیـــنەوەی کشـــتوکاڵ و مـــاڵیکردنی ئـــــاژەڵانی کێـــــوی و ئاژەڵـــــداریی. ئەم

---

primitive commune –[25]

بەرەوپێشـچوونە گرنگـانە تەنهـا نەبـوونە هـۆی بنیادنانی بناغەی شارستانییەت، بەڵکو پیاوی لە ڕاوکردن ڕزگار کرد و خستییە سەر ئەو ڕێگە پێشـــکەوتووەی بەرهەمهێنـــان کە لە کۆتایـــدا لەلایەن ئەوەوە دەستی بەسەردا گیرا. پاشـان ئەوە پیـاوە ڕاوچییەکـان نەبـوون، بەڵکـو ژنـان بوون بەرهەمێنەر، سەرەتاییترین زانا، پەرستار، مامۆستا، بڵاوکەرەوە و گەشەپێدەری کۆمەڵگە و کولتوور و تەکنیک بوون و کاری گەورەیان کـــرد لە یەکەم جیـــاکردنەوەی کـــاردا بەپێـــی ڕەگەزەکان.

ئەوانە کەوتـنە هەڵەی گەورەوە کە چاوبەست کـران بە گریمـانەی سەردەستیی نێـرینە و ئەو وەبەرهێنانە گەورەیەی ژنانیان پشتگوێ خست و تەنهـــا وەک خزمەتکـــارێکی مـــاڵ و خێـــزان تەماشـــایان کـــرد. لە ڕێکخســـتنی پێشـــووی کۆمەڵگەدا (هۆزە سەرەتاییەکان) گۆشەگیرکردن و بەنـدکردن و سـەرۆکخێزانی تـایبەت بـوونی نەبـووە، هەروەهـا چینـی دەسـەڵاتدار بـوونی

نەبـــووە کە کـــاری ژن کەم بکـــاتەوە بـــۆ خزمەتکارێـــک لەنـــاو خێزانـــدا. لە کـــۆمەڵگە ســـەرەتاییەکاندا "ســـەرۆکخێزانەکان" کـــۆڵەکەی ژیـانی بەکـۆمەڵ بـووە و وەک کـۆنترین کـارگە، تـــاقیگە، نەخۆشـــخانە، قوتابخـــانە و بـــنکەی کـــۆمەڵایەتی کاریـــان کـــردووە، ژنـــانی نـــاو کۆمەڵگەی دایکسالاریی پێکەوە کاریـان کـردووە و هـــیچ لە هاوتاکـــانی ئێســـتایان نەچـــوون کە هەریەکەیـــان بە کـــارێکی بچـــووکی ناومـــاڵەوە سەرقاڵن.

ئەمە بـۆ لەکەدارکردنـی تواناکـانی نێرینە نیـیە کە چەنـدین ڕێگەیـان بـۆ ڕاوکـردن گەشــە پێـدا، بەڵکـــو تەنهـــا هاوســـەنگکردنەوە و دانـــانەوەی ئەرکەکـانی پیـاوە لە پـێگە و شـوێنی گونجـاودا. لەڕاســـتیدا تەنهـــا کـــاری ژنـــان بە کەم تەماشـــا نەکـراوە، بەڵکـو کـاری پیـاوانیش کە ڕاوکـردن بووە ک بە ئەندازەی خۆی ڕێزی لێ نەگیـراوە. گرنگترین بنەما و مەبەستی ڕاوکردن لە مرۆڤدا، نەبەسـتراوەتەوە بە توانـای بەکارهێنـانی هێـزی

زۆر و زیادکردنی خۆراک، بەڵکو ئەوەی گرنگە پێشکەوتنی ئاستی پیاو بوو لەچاو ئاژەڵاندا لە بواری پێکەوەکارکردن.

ئەوە ڕاستە کە هەندێکجار ئاماژە بۆ ئەوە دەکرێت پیاو پێویستی بە بەهێزیی و توانایەکی تایبەت هەیە بۆئەوەی ڕووبەڕووی ئاژەڵە دڕندەکان ببێتەوە، بەڵام ئەوەی گرنگترە و بەدەگمەن ئاماژەی بۆ دەکرێت ئەوەیە، پێویست بوو پیاو بەسەر شێوازە ئاژەڵییە کۆنەکەی و بەربەرەکانێ و جوداخوازی و تاکگەراییدا سەر بکەوێت، بۆئەوەی کۆمەڵەیەکی ڕاوکردن دروست بکات، هەروەها پێویست بوو شەڕەنگێزی و کێشمەکێشمەکانیان بگۆڕن بۆ یەکگرتوویی و پێکەوەکارکردن. باڵادەستی کۆمەڵەی ڕاوکردنی مرۆڤ بەسەر ئاژەڵەکانی تردا، لەوەوە سەرچاوە دەگرێت کە ئەوە بنەما بوو لەلایان کە لە هیچ بارودۆخێکدا یەکتری نەکوژن. ئەمە ئەو ڕێکخستن و پێکەوەییە بوو کە لەناو ئاژەڵانی دیکەدا وێنەی نەبوو، هەروەها

زیادبوونی خۆراکیش کاتێک ڕوویدا کە پیاوان فێری ئەوە بوون چۆن پێکەوە کار بکەن و ئەو ئامانجە بەدی بهێنن.

کەی ئەم گۆڕانکارییە ڕیشەییە ڕوویدا؟ هەموو بەڵگەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە کۆمەڵگەی پێکەوەیی[26] لەلایەن ئەو دایکانەوە دروست کران کە پیاوانیان خستە ناو کۆمەڵەکانی خۆیانەوە و بە برای ناو هۆز دایاننان. وەک ڕۆبەرت برایفۆڵت لەبارەی ئەمەوە دەنووسێت: "لە کۆمەڵگەی مرۆییدا هەمیشە جۆرێک لە تێگەیشتن و هاوکاریی دروست بووە و برایەتیی و پێکەوەییەک هەبووە کە لەناو ئاژەڵاندا نەبووە. پەیوەندی مرۆڤی سەرەتایی پەیوەندییەکی کۆمەڵایەتی بوو، نەک پەیوەندییەک بێت بۆ تێرکردنی غەریزە سێکسییەکان بە ململانێیەکی ڕووت... ئاژەڵان نزیکترین هاوبەش و تەنانەت مێیەکانیان پارچەپارچە دەکرد لە ململانێی پەیداکردنی

26 – collectivism society

خۆراكدا؛ ئەندامانی گەورەترین و سەرەتاییترین كۆمەڵەكانی ناو ئاژەڵان برسێتییان پێ باشتر بوو لە دابەشكردنی خۆراك لەگەڵ ئەندامەكانیان ... لە هیچ كۆمەڵگەیەكی مرۆییدا هەرچەند سەرەتاییش بێت، ناتوانین ململانێی بێبەندوباو بۆ بەدەستهێنانی خاوەندارێتی مێینە بدۆزینەوە.[27]

پێویستمان بە كۆمەڵگەیەكی كۆمۆنیستی هەیە كە پێداویستییەكان بۆ هەموو ئەندامەكانی كۆمەڵگە لەسەر بنەمایەكی یەكسان دابین بكات و پیاو بگێڕێتەوە بۆ هاوكاریكردن و دای ببڕێت لەو دووبەرەكیی و جەنگەی كە ڕەفتارێكی ئاژەڵانەیە. لەو كۆمەڵگەیەدا پیاو و ژن كاری خۆیان ئەنجام دەدەن بەپێی باشترین شێوەی كردەیی بۆ بارودۆخە جیاوازەكانی قۆناغی

27 – [.The Mothers, Vol. II, p. 118]

گەشـــەکردنی کـــۆمەڵایەتی- ئـــابووری[28] ئەو کۆمەڵگەیەی کە تێیدان.

زۆرێـک لە نووسـەران نرخـی ڕاسـتەقینەی کارەکـانی ژنانیـان کەم کـردووەتەوە، لەکاتێکـدا ڕاوکردنـی پیاوانیـان پیـرۆز کـردووە، بـۆ نمـونە گراهـــام کلارکـــی شـــوێنەوارناس، ژنـــان وەک بـوونەوەرێکی کەمتـر تەماشـا دەکـات، بەهـۆی ئەوەی "وەک مەیمـونە دوورەپەرێزەکـان" تەنهـا خۆراکیان کۆ کـردووەتەوە، لەکاتێکدا کە ئاماژە بـۆ ئەوە دەکـات "ڕۆڵـی پیـاو وەک ڕاوچیـیەک درەوشاوەیە، پیاو جەنگاوەرێکی ڕەسـەن بووە" و پیاو وەک ڕەگەزێکی بـاڵاتر تەماشـا دەکات.[29] ئەمەش لایەندارییە بۆ پیاو.

ئیلمـــــان ســـــێرڤس کە شوێنەوارناســـــێکی ئەمریکییە، هەمان بۆچوونی هەیە، هەرچەندە بە خۆپـارێزییەکی زیـاترەوە لە بـابەتەکە دەڕوانێت.

---

28- socio-economic

29- (From Savagery to Civilization, p. 8.)

ئەو پێــی وایە پیــاوان بەهــۆی ئەوەوە ڕاوچــی نەبــوون کە بەهێزتــر و خێراتــر و جەنگــاوەرتر بــوون، بەڵکــو مێینەکــان بەهــۆی دووگیــانیی و چــــاودێریکردنی منـــــداڵەکانیان، کەمتوانــــاتر بوون."[30]

دەتـــوانین ئەو ئەنجـــامە قبـــوڵ بکەیـــن کە جەنگــــاوەریی پیــــاوان وای کــــردووە زیــــاتر گونجــاوبن بــۆ ڕاوکــردن. بەڵام پێویســـتە ئەو ئەنجامە ڕەت بکەینەوە کە ژنان بەهۆی بوونی منداڵـدانەوە جەسـتەیان بێتوانـا بـووە و نەیـان توانیوە ڕاو بکەن. گەر کەسێک بەتەنها تەماشای ئــــاژەڵە گۆشـــتخۆرەکان بکـــات، هەڵەیـــی ئەو بەڵگەیەی بۆ دەردەکەوێت، لەکاتێکدا مێینەی ئەو ئــاژەڵانە لە نێرەکانیــان ڕاوکەرێکــی خێراتــر و بەتوانــــاترن. بێتوانــــایی لە ڕاوکردنــــدا بەهــــۆی منداڵدانەوە لە شێر و پڵنگەکاندا نییە.

---

[30] - (Primitive Social Organization, p. 39.)

بـــــــۆئەوەی دڵنیابیـــــــت. مـــــــرۆڤ لە گۆشـــتخۆرەکانەوە دروســـت نەبـــووە، بەڵکـــو بەشـێکە لە مەیمـونە خۆراککۆکەرەوەکـان. بەڵام ئەو ژنـــــانەی دەیانەوێـــــت بەرەنگـــــاری ئەم "بیـــردۆزی ڕاوکـــردن"ە بـــۆ ژێردەســـتەیی ژن ببـــنەوە، پێویســـت نیـــیە هەمـــوو ئەو هۆکـــارە ئـاڵۆزانە شـی بکەنەوە کە بـۆچی ژنـان ڕاوچـی نەبوون لەکاتی یەکەم دابەشکردنی کاردا. ئەوە بەسە کە ئاماژە بەو هەموو کارە جۆراوجۆرەی ژنـــان بکەیـــن بە بەراورد بە ڕاوکردنـــی پیـــاوان. نەکردنی کارێکیش-بە هەر هۆکارێک بێت-ئەوە دەســەلمێنێت کە ژنـان هەر خۆیـان، خۆیـان لەم کـارە بەدوور گرتـووە و نەیـان خسـتووەتە نـاو کارەکانیانەوە.

لە کۆتاییـــــدا "بیردۆزیـــــی ڕاوکـــــردن" بـــــۆ ژێردەســـتەیی ژن هەر وەک ســـەرچاوەکەی کە "بیردۆزیـــی منداڵـــدان"ە، بێبنـــاغە و بێمانـــایە. یەکێکیـــان شـــێواندنی مرۆڤناســـییە و ئەوی دیکەیـــان بـــایۆلۆژی. هێشـــتا کەســـانێک ئەم

بەناوزانســتە ڕێکخــراوە جــوان دەکەن لەژێــر ســایەی ئەو پڕوپاگەنــدەیەی کە ژنــان هەمیشــە ژێردەستە و ڕەگەزی دووەم بوون.

## ئایا ژنان هەمیشە سەرکوت کراون؟

لە کــاتی ســەرهەڵدانی بزوتنەوەکــانی ئــازادیی ژنان، هەندێک لە نووسەر و مرۆڤناسە ژنەکان زۆر کاریگەربوون بەو بۆچوونە نازانستییانەی کە ڕەشــبینییەکی زۆریــان دروســت دەکــرد. ئەو ژنــانە دەیــانگوت ســەرکوتکردنی ژنــان تەنهــا لەســایەی سیســتەمی باوکســالاریدا نەبــووە و بەدرێژایــی مێــژوو بــوونی هەبــووە. بەپێــی ئەم تێــڕوانینە ئەگەر ژنــان ملیــان کەچ نەکــردایە بــۆ هاوســەر و بــاوک لە سیســتەمی باوکســالاریدا، ئەوا لە کــۆمەڵگەی ســەرەتاییدا لەژێــر ســایەی چەوســاندنەوەی خــاڵ و براکانیانــدا دەبــوون، ئەمەش دەتوانرێــت پێــی بگوترێــت "بیــردۆزی

خاڵ[31]" بۆ چەوساندنەوەی ژنان. لێرەدا ڕاستیی کامەیە؟

چەنـــدین کـــۆمەڵگە بە هەمـــوو جیهانـــدا بڵاوبـــوونەتەوە کە کەم تـــا زۆر نەریتەکـــانی دایکســـالارییان تێـــدا مـــاوەتەوە. بەشـــێوەیەکی ئاسایی ئەم کۆمەڵگەنە پێیان دەگوترێت "دایکانە" چونکە درەختی خێزانیان تەنها لەڕێگەی دایکەوە بۆ دەکێشرێت، هەروەهـا لە هەندێک کۆمەڵگەدا بـــابەتەکە لەمە قـــوڵترە، لە هەنـــدێک نـــاوچەدا خێزانـــی-بـــاوک کەمتـــر گەشـــەی کـــردووە و دەکرێـــت تێیـــدا پیـــاو وەک هاوســـەری ژنەکە بناســـرێت، بەڵام وەک بـــاوکی منـــداڵەکان ناناســـێنرێت، ئەگەر بشناســـێنرێت تەنهـــا پەیوەنـــدییەکی کەمـــی لەگەڵیانـــدا هەیە و بەشـــێوەیەکی ئاســـایی منـــداڵ بـــۆ دایکـــی دەگەڕێتەوە و سەر بە درەختی خێزانیی ئەوە.

---

31– avunculate: دەستەواژەیەکە لە مرۆڤناسیدا بەکار دەهێنرێت بۆ ئەو کۆمەڵگەیـــانەی خـــاڵ لەجـــێگەی بـــاوک چـــاودێر و لێپرســـراوی خوشکەزاکانی بووە.

ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە منداڵەکان تەنها بۆ دایکیان ناگەڕێنەوە، بەڵکو بۆ برای دایکانی ئەو کۆمەڵگەیەش دەگەڕێنەوە، بەشێوەیەکی دیکە واتە خاڵەکان کاری باوکایەتیی بۆ منداڵی خوشکەکانیان دەکەن، هەمان ئەو کارەی باوک لە کۆمەڵگە باوکسالارییەکاندا بۆ منداڵەکانی دەکات. بۆیە هەندێکجار بەم کۆمەڵگەیە دەگوترێت کۆمەڵگەی "avunculate خاڵ" ئەم وشەیە ئاماژەیە بۆ برای دایک وەک چۆن "باوکسالار" ئاماژەیە بۆ باوک.

ئەم کۆمەڵگە "دایکانەیە" پاشماوەی چاخی کۆمەڵگە دایکسالارەکانە، هەرچەندە زۆربەیان بەهۆی زاڵبوونی کۆمەڵگەی باوکسالارییەوە گۆڕانکارییان بەسەردا هات، ئەمانە شایەتن بەسەر ئەو سیستەمە کۆمەڵایەتییەی پێشووەوە. لەڕاستیدا کاتێک لە سەدەی ڕابردوودا زانستی مرۆڤناسیی دەستی بە لێکۆڵینەوە کرد، زۆربەی هۆزە سەرەتاییەکان بەشێوەیەک گۆڕانکاری بەسەر پێکهاتەیاندا هاتبوو. خێزانی جووتەکان

ئەوەی مۆرگـــان پێـــی دەڵێـــت، "خێزانـــی هاوســـەرەکان"[32] [خێزانـــی ژن و پیـاو] ســـەری هەڵـدابوو لەو کۆمەڵگـانەی کە پێشـتر تەنهـا لە دایک و براکانی پێک هاتبوو.

بەڵام "خێزانـــی هاوســـەرەکان" کە هێشـــتا بەشێک بوون لە کۆکردنەوەی سیستەمی هۆزی دایـــک، تەواو جیـــاواز بـــوو لەو کـــۆمەڵگە باوکســـالارییەی کە لە سیســـتەمی چینایەتیـــدا دروســـت بـــوو. لەوێـدا پیاوێـــک لە دەرەوەی هـۆزەکەوە دەهـات بـۆ کـۆمەڵگە دایکـانەکە و دەبـووە هاوسـەری ژنەکە، هەرچەنـدە پیـاوەکە بەشداری دەکرد لە دابینکردنی سەرچاوەکان بۆ خێـزان و منـداڵەکانی، بەڵام هەتـا ئەو کـاتەی کە هـۆزەکە دەســـەڵاتیان بەسـەریدا هەبـووایە، بە پاشـکۆ دەمـایەوە و تەنـانەت پـلەیەک لەدوای بـــرای ژنەکەشـــەوە بـــوو. بـــرای ژنەکە وەک هاوبەشـــێکی ســـەرەکیی ئـــابووری تیـــرەی

---

[32] – Pairing families: بەو خێزانانە دەگوترێت کە پیاو لەگەڵ ژنێکدا دەژی بەڵام دەتوانێت زیاتر لە ژنێکی هەبێت.

خوشـکەکەی دەمـایەوە و چـاودێری منـداڵەکانی دەکرد.

ئەو مرۆڤناسانەی ئەو گریمانە مێژووییە ڕەت دەکەنەوە، سەریان سوڕما کاتێک بەر ئەو هۆزە سـەرەتاییانە کەوتـن. بـۆ نمـونە، مالینۆڤسـکی لە لێکۆڵینەوەکەیـــدا دەربـــارەی دورگەکـــانی ترۆبریانــد بەم جــۆرە وەســفی ئەو کەســانە و 'بنەماکانی مافی دایک' تێیاندا دەکات:

"ئێمە لە ترۆبریاند[33] کۆمەڵگەیەکی دایکانەمـان دۆزیـــیەوە کە هەمـــوو درەختـــی خێزانیـــی[34] و پەیوەنـدییە کۆمەڵایەتییەکانیـان لە دایـکەوە بـوو، لەوێ ژن خاوەن پێگە و بەشدار بووە لە ژیـانی هۆزەکەدا، بە ڕادەیەک کە بەڕێوەبەری ئابووری و سروتەکان و کاروباری سیحریش بووە."[35]

---

[33]- Trobriand

[34]-درەختی خێزانیی-kinship: ئەو هێڵکارییەیە کە پلەی خزماتییەکانی تێدا دیاری دەکرێت بەهۆی (خوێن، هاوسەرگیری یان هەڵگرتنەوەوە)

[35]-(The Sexual Life of Savages, p. 3).

بەڵام "دانیشـــتوانی ئەم هـــۆزە نەریتێکـــی هاوســـەرگیریی جێگیریـــان هەیە و ژن و پیـــاو وەک دوو هاوســەر پـێکەوە دەژیـن، بەڵام پـاش گەڕانێکی چڕوپڕی مالینۆڤسکی بۆ باوک بۆی دەرکەوت هێشـتا بـاوک لەو هەرێمەدا بە مانـای هاوســـەری ژن و بـــاوکێکی ڕاســـتەقینە بـــوونی نییە، بەڵام بەپێی دانیشـتوانی ئەو شـوێنە "تامـا": کە مالینۆڤسکی سوور بوو لەسـەر ئەوەی نـاوی ببات بە "بـاوک، ""هـیچ زیـاتر نەبـوو لە بـاوکم" و لە هەندێک نمونەدا لەوەش کەمتربوو و ناودەبرا بە؛ "tomakava" "نـــــامۆیەک،" یـــــان وەک مالکۆڤســـکی ڕاســـتتر دەیڵێـــت "بێگـــانەیەک."[36] بەشـێوەیەکی دیـکە پیـاو لە دەرەوەی هـۆز بـوو، هەروەهـا لە هەنـدێک کاتـدا وەک هاوسـەری ژن دەناسێنرا، بەڵام هێشتا باوکی ڕاستەقینە نەبوو.

هەرچەنـدە لای ئەوان پیاوێـک هەیە کە کـاری باوکـایەتیی بـۆ منـداڵانی خوشـکەکەی دەکـات،

---

[36] - (Ibid, pp. 5, 6.)

بەتایبەت بۆ کوڕەکان و ئەو کەسەش خاڵیانە. دواتر دەنووسێت:

"لەوێ پێگەی کۆمەڵایەتیی لە هێڵی دایکەوە، لە پیاوەوە بۆ منداڵەکانی خوشکەکەی گوازراوەتەوە. ئەم درەختی خێزانییەی کە دایکایەتیی بنەڕەتەکەیەتی زۆر گرنگە ... خەڵکی لە دایکییانەوە دەبەسترێنەوە بە خزمەکانیانەوە، ناسنامە و هەستوسۆزەکانیان و ویست و گۆشت و خوێنیان بەهۆی دایکەوە پێکەوە بەستراوەتەوە. تەنانەت ئەوانەشی بەهۆی هاوسەرگیریی یان باوکایەتییەوە بەستراونەتەوە بە کۆمەڵەکەوە، تەواو پەراوێزخراون..." [37]

مالینۆڤسکی تەواو تێبینی ئەوەی کردبوو لەم کۆمەڵگەیەدا "کارتێکراو بە دووان" یان "دوالیزمە"یەک کاردەکاتە سەر نێرینەکانی ئەو کۆمەڵگە دایکانەیە کە بەهۆی

[37] (Ibid, p. 4).

هاوســـەرگیرییەکەوەیە کە لەســـەر دایکـــایەتی بەندە. منداڵە کوڕەکان بەردەوام دەگەڕێن و وا هەست دەکەن لەنێوان دوو پیاودا دابەش بوون کە پەیوەنــدییان لەگەڵ دایکــدا هەیە. لەلایەکەوە بــرای دایــک؛ لەلایەکــی دیکەشــەوە هاوســەرە نوێیەکەی، بەڵام ئەوەی مالینۆڤسکی هەستی پێ نەکردبـــوو ئەوە بـــوو ئەو نیشـــتەجێیانەی ترۆبریانـد کـۆمەڵەیەکی دایکـانە دەنـوێنن کە لە گۆڕاندایە بۆ کۆمەڵێک شێوەی باوکایەتیی.

مرۆڤناســـە گەورەکـــانی ســـەدەی پێشـــوو کۆمەڵێک کۆمەڵگەی دایکانەیان دۆزیوەتەوە کە گۆڕاون بۆ کۆمەڵگەیەکی باوکانە و باوکسالار. وەک ئەوەی سیدنی هارتلاند بەکورتیی لێرەدا باسی دەکات: یاساکانی باوکسالاریی "کۆمەڵێک هێرشی بەردەوامی خستە سەر مافەکانی دایک لە هەمــوو جیهانــدا؛ دەتوانیــت دامەزراوەکــانی

دایکـــــایەتی لە هەمـــــوو قۆناغەکـــــانی ئەو گۆڕانکارییەدا بدۆزیتەوە."[38]

پـــێگەی ژن لەنـــاو هەنـــدێک لەو کـــۆمەڵگە ڕزگـــاربووانەدا تەواو بەنەگـــۆڕیی مـــاونەتەوە، لەوێـدا ژنـان بەردەوام بـوون بـۆ بەدەسـتهێنانی سەربەخۆیی و پێگەی کۆمەڵایەتییان، هەرچەندە لە ناوچەکـــانی دیـــکەدا، بەتـــایبەت ئەوانەی کە پەیوەنـــدی چینـــایەتی و باوکســـالارگەرایی[39] و نێرســـالاریی زیـــاتر بـــوو بەهـــۆی سیســـتەمێکی ئـــــابووریی زۆردارەوە و لەوێـــــدا ژنـــــان دەچەوســــێنرانەوە وەک هاوڕەگەزەکانیـــان لە کـــۆمەڵگەی چینایەتیـــدا. لەم ناوچـــانەدا ژنـــان لەلایەن براکانیـــانەوە زیـــاتر دەچەوســـێنرانەوە وەک لە هاوسەرەکانیان یان باوکیان.

هەنــــدێکجار ئوســــترالیاش وەک بەڵـــگە دەهێنرێتەوە بۆ سـەلماندنی ئەو دۆخەی کە جێ

---

38- ".(Primitive Society, p. 34)

39- patriarchalism

به ژنان لەق کراوە. بەڵام لای سپێنسەر و گلین، لە باڵاترین دەسەڵاتی ناو هۆزەکانی ناوەڕاستدا، جیــاوازی و دابڕانێکــی گەورە هەیە لەنێــوان چاخی کۆن و ئێستادا، ئەوان گەیشتونەتە ئەو ئەنجامەی کە ژنان لە کۆندا پێگەیەکی بەرزتر و جیاوازتریان هەبووە لەچاو ئێستادا.[40]

ڕۆبەرت بریفۆڵــد ئەمە و چەنــد ڕاپــۆرتێکی دیــکە کــورت دەکــاتەوە لەوەی مــانەوەی باوکســالاریی و زاڵێتــی نێــرینە و لەقکردنــی شوێنی ژنـان "تایبەتمەندییەکانی ئەم دواییـانەن" و شــوێنگرەوەی دۆخــی شــکۆدار و کــاریگەری ژنە لە کۆنــدا. "ئوســترالییە ڕەســەنەکان تەنهــا کــۆمەڵگەیەکی ســەرەتایی نــین، بەڵکــو لە چەنــد لایەکەوە نەژادێکــی پلەنــزمن،" دەڵێــت بەهــۆی ئەوەوەیە زاڵێتی نێرینە، یەکەمجار لەوێ دامەزرا و گەشــەی کــرد بــۆ "بەرزتــرین ئاســتی."[41]

---

[40]- (The Native Tribes of Central Australia, pp. 195-196.)

[41]- (The Mothers, Vol. I, pp. 338-339.)

پێویست ناکات سەیر بێت ئەو کیشوەرەی کە بەهۆی نەخۆشیی و هۆکاری دیکەوە دانیشتووە ڕەسەنەکانی کەم بوونەوە لە ٥٠٠ هەزارەوە بۆ ٥٠ هەزار، دوای ساڵێک لە هاتنی پیاوە سپییەکە [مرۆڤی قەوقاسی][42].

بەڵام جیاوازییە ڕوونەکە ئەوەیە تا ئێستا کۆمەڵێک ناوچە هەن کە نەریتە دایکسالارییەکان پارێزراون و جیاوازی نییە لەنێوان پلەی ژنان و پیاواندا. ئەو نمونەیە لە هیندییەکانی باکوری ئەمریکادا دەبینین کە سەردەستەیی نێرینە و چەوساندنەوەی ژن بوونی نەبوو هەتا ئەو کاتەی کە ئەوروپییەکان هاتن و بە ویسکی و دەمانچەکانیانەوە لەوێ نیشتەجێ بوون و ئەوانیشیان گۆڕی. بریفۆڵت ئاماژە بە نووسینی مژدەدەرێکی[43] فەرەنسی دەکات بەناوی لافیتۆ کە دەنووسێت:

---

[42]- زیاتر سپیپێستە باڵابەرزەکانی ئاسیا و ئەوروپا دەگرێتەوە.

[43]- missionary

"هـیچ شـتێک ڕاسـتتر نییە لەو حەقـیقەتەی کە ژنـان سەردەسـتە بـوون. ئەوە ژنـانن خێـزان و تیــرە و خـــوێنی پیــرۆز و درەختــی خێــزان و ڕێـــڕەوی نەوەکـــان دروســـت دەکەن، لەوانـــدا هەمـــوو دەســـەڵاتەکان دەدۆزیـــتەوە، وڵات و کشتوکاڵ و کێڵگە بۆ ئەوان دەگەڕێتەوە، ئەوان ڕوحـــی ڕاوێـــژ و هەڵگیرســـێنەری جەنـــگ و بەدیهێنەری ئاشتیین."[44]

بەڕای ئەلیکســـاندەر گۆڵـــدنوایزەر، ژنـــان گەورەتـــــرین کاریگەرییـــــان هەبـــــووە لە یەکلاییکردنەوەی هەڵبژاردنی سـەرۆکهۆزەکاندا. بەردەوام "ژنـانی خـاوەن دەسـەڵات"[45] بەوردیـی چاودێری جموجۆڵی سەرۆکهۆزەکانیان کردووە بەتـــایبەت لە پرســـی جەنگـــدا، هەروەهـــا هەر بێڕێزیـــــــی و ملبادانێکیـــــان بینیبێـــــــت لە ســـــەرۆکهۆزەکاندا، ڕاســـــتەوخۆ لەکاریـــــان خستوون. هەروەها دەڵێت لەم دواییانەشدا و لە

---

44- (Ibid, p. 316)
45- the matrons

سـەردەمی هیندییەسـوورەکاندا "ژنـان لە هەڵبژاردنـی سـەرۆکهۆزەکان و لابردنیانـدا کاریگەرییـان لە پیـاوان زیـاتر بـووە ... ڕای گشتیی لە هۆزەکاندا زیاتر هی ژنان بووە وەک لە پیـاوان،" هەروەهـا دەڵێـت، "زۆربەی جەنـگە وێرانکەرەکان بەهۆی ڕاوێژی زیرەکانەی ژنانی خـاوەن دەسـەڵاتەوە وەسـتێنراون."[46] دەتـوانین بەڵـگە بهێنیـنەوە بـۆ ئەوەی ژن دەسـەڵاتی هەبـووە بەو ڕاسـتییەی کە زۆربەی بەڵگەنامەکـانی کڕینوفرۆشـتنی زەوی واژۆی ژنانی پێوەیە.

یەکێک لە سەرنجڕاکێشترین ئەو گفتوگۆیانەی کە بریفۆڵد ئاماژەی پێ کردووە لەنێوان پیاوانی هیندییەسوورەکان و ئەو سپیپێستانەدا بووە کە ژنانیـان بە ژێردەسـتە دادەنـا. وتەبێـژی هەڵبژێـردراوی هیندیەسـوورەکان گـود پیـتەر[47]

(Anthropology, pp. 363, 365.)-[46]

Good Peter-[47]

بەم شێوەیە بەرانبەر کلینتۆنی دادوەر لە بارەی شکۆداریی ژنانی ڕەسەنی ئەمریکی دەدوێت:

هاوڕێیان! پێشینەکانی ئێمە ڕاوێژنەکردن بە ژنانیان بە تاوانێکی گەورە داناوە، بەتایبەت ئەو ژنانەی کە دایەن[48] بوون. ئەوان ڕێزیان لەو کەسانە گرتووە کە باوانی ئێمە پێیان گوتوون "ئەو تۆوچێنانەی کە ئێمەیان هێناوەتە بوون." ئەوان بوون خاکەکەمانیان بەپیت کردووە و ئاگردانەکانیان ڕووناک کردووەتەوە و خوانی ئێمەیان ڕازاندووەتەوە، ژنانی ئێمە وردبین بوون...

ئەوان داوایان ئەوە بووە هەرگیز ویستەکانی ژنان پشتگوێ نەخرێن و سووکایەتیان پێ نەکرێت: چونکە ڕۆحێکی گەورە و پیرۆز ئەوانی دروست کردووە، ئێمە بەشکۆوە داوا لە دایەنەکانمان دەکەین لەبارەی ئەو ئازادییەوە

---

48- governess: ئەو ژنانە بوون کە لە کۆندا وەک چاودێریکەر و مامۆستای منداڵ لە خێزانە خانەدانەکاندا کاریان کردووە.

بـــدوێن کە لەگەڵ ڕۆحـــی پێشـــینەکانی ئـــێمەدا هـــــــاویەکە.... لەبەرئەوەی ئەوان ژیـــــــانی ئەم نیشتیمانەن."[49]

ناکرێت ئەمە وێنەی ژنێکی تا ئەبەد چەوساوە بێـــت، لەڕاســـتیدا هەنـــدێک ژن لە کـــۆمەڵگە ســـــەرەتاییەکاندا چەوســـێنراونەتەوە وەک ئەو چەوســاندنەوەیەی لە کـۆمەڵگەی باوکســالاریدا هەیە، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە ژنـان هەمیشـە چەوســـاوە بـــوون، ئەمە ئەوە دەســـەلمێنێت لە هەنـــدێک نـــاوچەدا نەک هەمـــوو ناوچەکـــان، چەوســــــــاندنەوەی دایـــــــک و خوشـــــــک چەوساندنەوەی برای دایکیشـی بەدوادا هـاتووە. هەندێک لە براکانی دایک بوونەتە نێرینە زاڵەکان و ژنانیان چەوساندووەتەوە وەک ئەو باوکانەی لە باوکسالاریدا ئەو ڕۆڵەیان گێڕاوە.

---

[.Briffault, op. cit., pp. 316-317]-[49]

بەڵام لەپێش سەردەمی باوکسالاریدا شتێک نەبووە بەناوی سەردەستەیی پیاو بەسەر ژندا یان پێچەوانەی ئەوە زاڵێتی ژن بەسەر پیاودا بوونی نەبووە. هۆزەکان سیستەمێکی کۆمۆنیستییان پەیڕەو کردووە؛ پیاوان وەک برا ژیاون و ژنانیش وەک خوشک. بڕبڕەی پشتی ئەو پێکهاتە کۆمەڵایەتییە یەکسانیی بووە لە هەموو بوارەکانی ژیانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سێکسیدا، لەبەرئەوە ژنان هەمیشە نەچەوسێندراونەتەوە. چەوساندنەوەی ژنان لەو کۆمەڵگە سەرکوتکەرەوە دەستی پێ کرد کە لە کۆمەڵگەی دایکسالاریی هەڵگەڕایەوە و جێگەی گرتەوە.

"بیردۆزی خاڵ[50]" بۆ چەوساندنەوەی ئەبەدیی ژنان جۆرێکی ئاڵۆزتری "بیردۆزی منداڵدانە" بۆ ژێردەستەیی ژن. یەکەم بیردۆزیش دەبێت وەک ئەوەی دووەمیان ڕەت بکرێتەوە لەلایەن بزوتنەوەکانی ئازادیی ژنانەوە.

---

[50]- avunculate theory

بەداخەوە ئەوە جێبەجێ نەکرا لەلایەن کەیت میلێتەوە[51]، هەرچەندە تانەی لەو بۆچوونە دەدا کە پێی وابوو بایۆلۆژی چارەنووسی ژنانی دیاری کردووە، بەڵام جەنگانی بۆ ئازادیی ژنان لەژێر کاریگەری مرۆڤناسە دژە-مێژووەکاندا[52] بوو. لە کتێبەکەیدا بەناوی "سیاسەتی سێکسی" دەنووسێت "هەردوو کۆمەڵگەی سەرەتایی و شارستانیی کۆمەڵگەی نێرینەن" (لاپەڕە ٤٦) و ژنان هەمیشە چەوسێندراونەتەوە ئەگەر لەلایەن باوکی ناو کۆمەڵگەی باوکسالارییەوە نەبووبێت ئەوە لەلایەن خاڵەوە بووە(لاپەڕە ٢٥). ئەوناکرێت ئەو تێڕوانینەی هەبێت لەکاتێکدا دان بەوەدا دەنێت کە ئاگای لەوە نییە سەردەمێک دەسەڵاتی دایکسالاریی بوونی هەبووە.

شولمیس فایەرستۆن[53] لە کتێبەکەیدا بەناوی دیالێکتیکی سێکس[54] دەکەوێتە هەڵەیەکی

Kate Millett-[51]
anti-historical-[52]
Shulamith Firestone-[53]
The Dialectic of Sex-[54]

گەورەترەوە دەربارەی چەوساندنەوەی ئەبەدیی مێینە و هەموو ئەو سروتە ئاینییانەی کە پیاو دروستی کردوون بە بەشێک لەو چەوساندنەوە ئەبەدییە دادەنێت. لای فایەرستۆن چەوساندنەوەی ژن لەوە کۆنترە کە لە مێژوودا تۆمار کراوە و دەگەڕێتەوە بۆ "شانشینی ئاژەڵان (لاپەڕە ٢)." دەڵێت بەهۆی بایۆلۆژیی ژنەوە، کارە بەرهەمێنەرەکان لەودیو توانای ژنەوەن-ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ئاگای لە تۆماری کاری ژنان لە کۆمەڵگە سەرەتاییەکاندا نییە ، هەروەها دووبارە دەڵێت بەهۆی بایۆلۆژیی ژنەوە "ژن وەک کۆیلەیەک ماوەتەوە لەبەردەم پڕۆسە ئاڵۆزەکانی ژیاندا (لاپەڕە ٨٢)" ژن بەرپرسە لە کاروباری منداڵخستنەوە و چاودێری منداڵ. پاشان دەگاتە ئەو ئەنجامەی کە ژن "بەردەوام لەژێر ڕەحمی دیوە بایۆلۆژییەکەیدا بووە" کە وای لێ کردووە "پشت بە نێرینە ببەستێت" جا نێرینەکە باوک، برا یان مێرد بووبێت.

فایەرستۆن کەوتبووە ناو زەلکاوی "تیۆریای مندالّدانەوە" و تێڕوانینەکانی مارکس و ئەنگلسی پشتگوێ خستبوو، کاتێک دەیگوت، "شتێکی وا نازانم دەربارەی ژنان و چینە چەوساوەکان،" هەروەها بڕوای وابوو "ئەوە وەچەخستنەوەیە وای کردووە ژن لەژێر چەوساندنەوەیەکی بەردەوامدا بێت، نەک شۆڕشی باوکسالاریی (لاپەڕە ٨٣)." فایەرستۆن ئەو فێمینیستە بوو کە وەک تووتی تێڕوانینی دژەفێمینیستەکانی دەگوتەوە "بایۆلۆژیی چارەنووسی ژنانە" بەبێ ئەوەی خۆی ماندوو بکات بە پشکنینی ڕاستییەکانەوە.

جێی داخە کە کۆمەڵێک ژنە مرۆڤناس و فێمینیستی دیکە، سەرەڕای ئەوەی لەو بابەتەشیان کۆڵیوەتەوە، هەمان هەڵەیان دووبارە کردووەتەوە، جا کارەکانیان لەژێر کاریگەریدا بووبێت، یان هاوسۆزی بێت بۆ زاڵیتی پیاو، یان هاوسۆزی بێت لەگەڵ بیروباوەڕی بۆرژواکان کە لە دەوری

بازنەیەکی مرۆڤناسی دەخولێنەوە کە باوەڕیان بە ئەفسـانەی چەوسـاوەیی و ژێردەسـتەیی هەمیشەیی ژن هەیە.

لوسی مەیری مرۆڤناسی بەریتانی دەڵێت، "لە کـۆمەڵگە زۆر سـەرەتاییەکاندا، بێگومـان لە کـۆمەڵگە پیشەسازییەکانیشـدا، ژنـان هەرگیـز تەواو سەربەخۆ نەبوون.." هەمیشە پێویستییان بە پیاو هەبووە، جا ئەو پیاوە برا، باوک یان مێرد بووبێت.[55] ئەم قسە ڕەهایە تەنانەت بۆ ئەو کۆمەڵگە دایکانانەش ڕاست نییە کە لەمڕۆدا هەن و ژنـان تێیـدا خـاوەنی سـەربەخۆیی ئـابووریی و ڕێـزی کـۆمەڵایەتی خۆیـانن، هەروەهـا بـۆ هەمـوو ئەو کـۆمەڵگە دایکسالارییانەش ڕاست نییە کە لە سەردەمێکدا بوونیـان هەبـووە پـێش ئەوەی کـۆمەڵگەی نێرسالاریی دەسەڵات بگرێتە دەست.

---

[55]- (An Introduction to Social Anthropology, p. 83).

کاســـلین کـــوخ ئەبێرلـــێ لە ڤـــانکهۆڤەر، تێڕوانینێکـــی جـــوانی هەیە لە کتێبـــی "خـــوێنی دایکانە" کە لە ساڵی ١٩٦١ لە یادکردنەوەی سەد ســـاڵەی بیرمەنـــدی سویســـری بـــاخۆڤن بڵاوکراوەتەوە[56]، بەڵام هێشتا ئەویش پێی وایە ژن هەمیشە چەوساوە بووە. لەو وتارانەی لەم کۆتاییـانەدا بـۆ بزوتنەوەکـانی ئـازادی ژنـانی نووسیون دەڵێت، "ئەو هێزەی کە پیاو بەکاری دەهێنێــت بــۆ ناچــارکردنی ژن بەشــێوەیەکی ڕێکخــراو، لە ســامانێکی کۆبــووەوە ســەرچاوە دەگرێت و حکومەتیش پشتیوانی دەکات." لێرەدا تێڕوانینێکـی مارکسـیانەی هەیە، بەڵام دواتـر کە لە میتۆدی ماتریالیزمی مێژوویی جیا دەبێتەوە، دەڵێــت: "تەنــانەت لە قۆنــاغی "کــۆمەڵگەی ڕاوکەر"یشــدا وا دەردەکەوێــت ژنــان هەمیشــە بەجۆرێک 'ڕەگەزی دووەم' بوون و کەم تا زۆر ملکەچی پیاو بوون."[57]

---

[56]- Bachofen's Das Mutterrecht (Motherright )

[57]- (Up From Under, January-February 1971.)

لەکاتێکـدا ئەمە دەشـێت بـۆ هەنـدێک لە هـۆزە ڕاوکەرەکان ڕاست بێت کە ئەمڕۆ گۆڕانکارییان بەســـەردا هـــاتووە، بەڵام بـــۆ ئەو کـــۆمەڵگە بنەڕەتییـــانە ڕاســـت نیـــیە کە لە ســـەردەمی دایکســـالاریدا بوونیـــان هەبـــووە. بـــا کـــورتی بـکەمەوە: ئەوە ڕاوکـردن نەبـوو وای کـرد پیـاو بەسـەر ژنـدا زاڵ بێت، بەڵکو سـامانی تـایبەت و چینایەتی و خێزانی باوکسـالاریی بوو وای کرد نێـــرینە زاڵ بێـــت بەســـەر مێیـــنەدا و ژنـــان بچەوسێنرێنەوە.

ئەم بـــابەتە دەمانبـــات بـــۆ ئەو جـــێگەیەی کە ئەفسانەکان تـێکەڵ بکەیـن بـۆئەوەی بیسـەلمێنین کە ژنـــان هەمیشـــە ڕەگەزی دووەم بـــوون، و گرنگـــی دەدات بە جیـــاوازی دابەشـــکردنی کـــار لەنێوان ڕەگەزەکاندا لە کۆمەڵگەی سـەرەتایی و ســـەردەمی شارســـتانییەتدا. بەپێـــی پڕوپاگەنـــدە باوەکـان دابەشـکردنی کـار لەنێوان ڕەگەزەکانـدا هەمیشــە بەو شــێوەیە بــووە کە ژنــان هەمیشــە

کارەکانیـان کـورت بـووەتەوە لە بەڕێـوەبردنی ماڵ و خێزاندا. لێرەدا ڕاستییەکە چییە؟

## دابەشـــکردنی کـــار لە کــۆمەڵگەدا بەرانـــبەر دابەشکردنی کار لە خێزاندا

زۆرجـــار دەگوترێـــت کە لە مێژوویەکـــی زۆر کـۆنەوە تـا ئەمـڕۆ دابەشـکردنی کـار لەنێـوان ڕەگەزەکانــدا، دابەشــکردنی کــاری ژن و پیــاو بــووە لە خێزانێکــدا. پیــاو چــووەتە دەرەوە و ژنیش لە مـاڵەوە مـاوەتەوە بۆئەوەی چاودێری مــاڵ و منــداڵ بکــات. هەنــدێک لە ژنــانی نــاو بــزووتنەوە ئازادیخوازەکــان تــووڕەن بەهــۆی ئەوەی کە پیـاو پـارەی پـێ دەدرێت لەبەرانـبەر کارەکەیـــــدا و ژن پێــــــی نادرێـــــت، بەڵام نــادادگەرییەکە لەوە قــوڵترە. بــابەتەکە ئەوەیە ژنێکی خەسێنراوی پشتبەستوو دروست دەکەن کە لەڕووی کولتــــووریيەوە بێــــبەرهەمە و بەنـــدکراوە لە مـــاڵەوە و کۆمەڵێــک کـــاری گەمژانەی پێ دراوە.

ژنان بێبەش کراون لەو شتانەی کە وادەکات سەربەخۆیی ئابوورییان هەبێت و ئەو کارانە تایبەتکراون بە پیاو. هاوسەرگیری و خێزان کراون بە باشترین کار کە ژن هەوڵی بۆ بدات. یاساکانی دژەسکپڕی و لەباربردن، ژنانیان ناچار کرد بەوەی منداڵ بەخێو بکەن جا بە خواستی خۆیان بێت یان نا، هەروەها بەهۆی نەبوونی دەزگاکانی چاودێریکردنی منداڵەوە، هەموو ژنێک باری بەخێوکردنی منداڵی خرابووە سەرشان.

مێژوونووسان دەڵێن لەگەڵ هاتنی سەردەمی ئابووریی نوێدا کە لەسەر بنەمای کشتوکاڵ و وەبەرهێنان دامەزراوە، کۆمەڵێک کاری نوێ پەیدا بوون کە جێگەی 'دابەشکردنی کار لەسەر بنەمای ڕەگەز'ی گرتەوە. بۆ نمونە ئاژەڵداریی جیاکرایەوە لە کشتوکاڵ؛ کانزاکاری، بیناسازی، دروستکردنی کەشتی، ڕستن، گۆزەگەریی و ئیشە دەستییەکانی دیکە، بوون بە کەرتی بازرگانی جیاواز. لەگەڵ ئەو دابەشکردنە

جیاوازانەدا لەڕووی کلتووریشەوە هونەرمەندەکان جێگەی شایەرەکانیان گرتەوە و زاناکانیش جێگەی قەشەکان.

لەو پڕۆسەیەدا ڕۆڵی ڕەگەزەکان تەواو گۆڕانکاری بەسەردا هات و کۆمەڵێک لق و لقۆچکەی دیکەی کار سەریان هەڵدا و وردەوردە زیاتر و زیاتریش دەچوونە ژێر دەستی پیاوانەوە. لەگەڵ سەرهەڵدانی دەسەڵاتی حکومەت و کەنیسەدا، ژنان فێری ئەوە کران کە هەموو ژیانیان بەستراوەتەوە بە چوارچێوەی ماڵێکەوە و باشترین ژن ئەوەیە کە خزمەتی هاوسەر و خێزانەکەی دەکات بەبێ ئەوەی ڕەخنەی هەبێت. لەم پەرەسەندنەی ڕۆڵی پیاو و هاتنەخوارەوەی ڕۆڵی ژندا، ئیدی ژنان تەنها دەستبەرداری پێگە کۆمەڵایەتییەکەی پێشوویان نەبوون لە بەرهەمهێناندا، بەڵکو دەستبەرداری چاودێریکردنی بەکۆمەڵی منداڵەکانیشیان بوون.

بەدڵنیاییەوە ژنانی چینی ناوەڕاست و خوارەوە "خەڵکە ئاساییەکە" هەمیشە کاریان

کـردووه، لە چـاخی کشـتوکاڵیدا کـاری کـێڵگە و ئیشـی دەسـتییان کـردووه و ئەمەشـیان لەپـاڵ خزمەتکردنـــــی خێـــــزان و بەخێـــــوکردنی منداڵەکانیانـدا کـردووه، بەڵام کـارکردن بـۆ یەک هاوسەر و یەک ماڵ و خێزان بە هیچ شـێوەیەک وەک ئەو کـــاره بەکـــۆمەڵە نەبـــووه کە بـــۆ کـــۆمەڵگەی پێکەوەیـــی[58] ئەنجامیـــان داوه. بەشـــداریکردن لە بەرهەمهێنـــانی کۆمەڵایەتییـــدا یـارمەتی گەشـەکردنی عەقڵ و جەسـتە دەدات و خـۆدابڕین و خەریکبـوون بە کـاری ناومـاڵەوه عەقـــــڵ و جەســـــتە دەپـــــوکێنێتەوه و چاوەڕوانییەکانیش بچووک دەکاتەوه.

لەلایەکـی دیـکەوه دابەشـکردنی کـار لەنێـوان ڕەگەزەکانـدا هەرگیـز بەیەکسـانیی نەبـووه. لەو دابەشـکردنی کـارەدا کە نێـرینە زاڵ بـوو، بـووه هــۆی پەیــدابوونی ئەو چینــایەتیی و ســامانی تـایبەت و باوکسـالارییەی کە دزییەکـی گەورەی

[58] communal society– : ئەو کۆمەڵگەیەیە کە پێکەوه کارەکان کراون و بەرهەمەکان دابەش کراون و قازانج بوونی نەبووه.

له تواناکانی ژنان کرد. ئەمڕۆ ئەم ڕاستییە باشتر دیارە لەگەڵ بچووکبوونەوەی خێزانە جوتیارییە گەورەکان و زیادبوونی خێزانی بچووک لە شارەکاندا.

بەدرۆخستنەوەی ئەو ئەفسانەیەی کە وای کردووە ژنان بە چەوساوەیی بمێننەوە- لە بانگەشەی "بیردۆزی منداڵدانەوە" هەتاوەکو "خێزانی ئەبەدی،" تەنها کێشەیەکی مێژووی و زانستی نییە، بەڵکو جێکەوتە و کاریگەری بەسەر بزووتنەوەکانی ئازادی ژنانەوە هەیە. ئەوەی کە دەڵێت "دروستبوونی بایۆلۆژی ژنان هۆکاری ژێردەستەیی کۆمەڵایەتییانە،" کاڵایەکە بەدەست ئەو پیاوانەی زاڵێتییان دەوێت. ئەگەر هەڵەیی ئەو بۆچوونە بسەلمێندرێت ئەوە بناغەکەیان دەڕوخێت- ئەوەش ئەوەیە کە من هەوڵی بۆ دەدەم و بەڵگەی بۆ دەهێنمەوە.

ژن لە سروشتدا بەهۆی بایۆلۆژییەکەیەوە هیچ کەمتوانایییەکی نەبووە لەچاو پیاودا. ژنان ڕێزێکی زۆریان لێ گیراوە بەهۆی هەردوو

کـاری بەرهەمهێنـان و دایکایەتییـانەوە. پـێگەی ژنـــان لە کـــۆمەڵگەدا بەهـــۆی گۆڕانکـــارییە مێژووییەکانەوە گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە و شێوەیەکی دیکەی وەرگرتووە، بەڵام ئەو گۆڕانە ڕیشـــەییەی کە زاڵبـــوو بەســـەر کـــۆمەڵگەی دایکسالاریدا بووە هۆی کەوتنی ڕەگەزی مێینە. لەگەڵ پەیدابوونی کۆمەڵگەی باوکسالاریدا بوو، بـــایۆلۆژیی ژنـــان بـــوو بە پاســـاوێک بـــۆ بەردەوامیـــدان بە لەکارخســـتنی پـــێگەی کۆمەلایەتیی و کولتووری ژنان و هێشتنەوەیان وەک خزمەتکارێک.

تەنها بە زانینی ئەو ڕاستییە، ژنان دەتوانن ســەرچاوەی ئەو ملکەچــی و چەوســاندنەوەیە بـــدۆزنەوە کە ئەمـــڕۆ لەگەڵ سیســـتەمی ســەرمایەداریدا یەکـی گرتـووە لە دژی ژنـان، هەروەها بەربەست لە ڕێگەی هەوڵەکانی ئێمە بـــۆ ئـــازادیی زیـــاد دەکـــات هەتـــاوەکو هەڵبخەڵەتێنـــرێین بەو بـــاوەڕەی کە سروشـــت بەرپرســـە لە چەوســـاندنەوەمان نەک کـــۆمەڵگە.

ئەو دروشـــمەی ژنـــان هەڵیـــان گرتبـــوو لە خۆپیشـــاندانەکانی ئەم دوایـــیەدا، "بـــایۆلۆژیی چارەنووســـی ژنـــان نیـــیە،" دەبێـــت ببێـــت بە دروشـمی بـزوتنەوە فێمینیسـتییەکان، بـۆئەوەی پێکەوە کار بکەین بۆ گۆڕینی ئەو چارەنووسە.